# گەر ئێزدی کوردنەبان پیلان دژی وان نەدبون!؟

فەهمی سلێڤانەی



یرۆ فێ دە رەوشا ئێزدیان و پرس گرێکاوان بەرەو ئالۆزی و بارودۆخەکی خرابڤەدچە، ئەگەرێن سەرەکی یێن ڤێ چەندێ ڤە دگەرێ سەرکارێ نیگەتیفی وان، مینا میروو شێخ و قەوال و پیرێن ئێزدیان!؟ ئەوژی دە ماسەرێ خوە بۆ رژێماسەدمێ گۆڕبەگۆڕ چەماندین و ئینکارا نەتەوا خوە یا کورد کرین و گۆتین ئەم عەرەبین و کەلتورێ خوە یێ شارستانی یێ رەسەن هاڤێتن و دەست دانە کەلتورێ عەرەبی، ئەڤە ژی هەلگرتنا عەگالێ و جلوبەرگێن وان تائیرۆ بەردەوامن سەروی کولتوری و دیسان نەهاتینە پەروەردەکرن لسەر هەستێ نەتەوی، بەرۆڤا ژی ڤێ چەندێ دبن تەئسیرا پەروەردا بەعس دا تائیرۆ ماینە، راستە کەمینەیەک ئێزدیێن کورد پەروەر هەبون جهێ خوە دناف دلێ شەهیدو خەباتکەران دەگرتن. یافەرە کوبێژم ئەگەر وان ئێزدیان سەردەمێ رژێما بەعس ئینکارا نەتەوا خوەیا کورد نەکربان و خوە نەکربان عەرەب، ئەوژی داب بەروان سیپەلێن ئەنفالا کەڤن، بەلکو رژێما بەعس هەر بێێکجاری داوان ئێزدیان ژ هۆلێ راکن و بریارا فەرمانا وان دەن! دیسان درۆژەڤێ دە سەرانسەرێ جیهانێ د راگەهاندنێن خوەدا تەڤایا خەلکێ وێ ئیدانا تاوانا مەزنا ئێزدیان کر لسەر دوعا، وێ کچا ئێزدی یاکوردا کوبشێوەیەک هۆڤانە کوشتن، دڤی واری دە بۆمە خویا دبە کو ئەوکارە تەنها پەروەردا تەرۆریستانەو رژێما بەعسە، چونکە وان مرۆڤا پارچەیەک ژ لاشێ خوە ڤەکرن، بێی کوهەست بێێشو ئازارەکێ بکەن! یافەرە کوبێژین جهێ داخەکا زۆرا بزانە کو تائیرۆ زۆرینا وان ئێزدیان نەشیانە خوە ژ تاریکیا پاشکە فتنێ و بۆچونێن کلاسیک رزگارکەن، ئەگەرنە دائەو بیرکەن و هندەک لسەر پێشکەفتنا خەلکێ جیهانێ راوەستن و دا زانن تەکنەلۆجیا ئیرۆ وێ رێ نادەتە مرۆڤا دژی ئەندامەکی بنەمالا خوە تاوانەکێ بکەت، هەردوی دەمێ دە بگەهینت بەرچاڤێن تەڤایا خەلکێ جیهانێ! بتایبەت رێکخراوێن مرۆڤ دەست، بەلگە لسەر پاشکەفتنا ئێزدیێن مەیێن باشورێ کوردستانێ زۆرن و ئەم پێ داخبارو شەرمزارین بەرامبەری خەلکێ جیهانێ؟ ئەڤەژی تەئسیرا داگیرکەرێن وەلاتێ مەنە، بەلێ یافەرە ئەم لئێزدیێن باکورێ کوردستانێ میزەکین کو ئیرۆ گەهانە پلەیێن بەرزێن بەرپرسیاری یێ، چ لتورکیا و چ ژ دەڤەرە، بتایبەتی کچا کوردا گەرناسا ئێزدیا کو بویە ئەنداما پەرلەمانە ئەورووپا یا نافدار(فەلەک ناس) یافەرە ئەم لسەر بارودۆخێ ئێزدیان راوەستین و هندەک ژ رەوشا وانا یائیرۆۆ دوهی شلۆڤەکین و بیننە زمان، دێ بینین بتایبەتی ئێزدیێن شنگالێ ببەر شۆپ و پیلا ئەنفال و سەرهەلدان و کۆچکرنا مەلیۆنی یا سالا ١٩٩١ نەکەفتنە، هەروەک و مەلدەست پێکێ خویاکری ئەڤەژی ژبەر ئینکاراوانا نەتەوی بویە، یان ئەگەر وانژی وەکی هەر کوردەکێ دی یێ بسولمان خوە بدۆزا خوە ڤە گرێدای‌آە وو ڤیرۆویرژیێ پشتێ نەتەوی کربان و زمانێ خوەیێ زکماک بناسناما خوە لقەلەم دابان، ئیرۆ چەند قەوالەکێن وان گۆتارێن دویر ژ هەستێ نەتەوی نەددان و دگۆتن ئەم دناف ببەرا کوردو عەرەبا دە سۆتین؟! یانژی تەرۆریستان بناڤێ مجاهدا بیننە زمان! دهەمان دەم دە ئەم دبێژین گەرەکە وان هشیارکەین و تێبگەهینن کو بزانن پیلان دژی وان زۆرن، گەر ئێزدی کوردنەبان پیلان ددژی وان نەدبون!؟ ئەڤەژی بەلگەیەکە کوبێژم و هەرژوان قەوالا بپرسم، ئەرێ بۆچ سەرزەمانێ سەدامێ وەزمان نەبوو هینگێ ڤان پەیڤا ڤەوە شینن. یافەرە بێژین بۆمە خویادبەکو وە بخوە دیرۆکا خوەیا لخوە شێلاندی، هەرەرکو چەند مێژوناسەک بەرۆڤاژی یەکتر دبێژن ئێزدی یان یەزیدی، دبێژن دو پەیڤێن ژێک چوداو دویرن، ئێزدی خوداوەندی، ئەڤە زەردەشتینەو کوردێن رەسەنن، بەلێ یەزیدی یەعنی یەزید بنی مەعاویە، هەلبەت مرۆڤەکێ گەرناسە، ئەفجا ئەز نزانم چاوا پرسا ئێزدیێن باکورێ کوردستانێ یان ئەرمێنیا بکەم کائەو چاوا عەرەب بوینە؟! ئەرێ ژەبەر کچەکا ئێزدی بناڤێ (دوعا) کو ئەو دبێژن بویە بوسسلمان مرۆڤەکێ سەرکێشی تەرۆرستان بناڤێ ئەبو عومەر بەغدادی بریارا فەرمانا ئێزدیان بدە؟ یانژی تەنها ترسەکە داکو دیسان وان ئێزدیان ڤەگێرن دهمبێزا خوە دە؟! هەروەکو چەند رێکخراوەک و حزب بۆ وان ئێزدیان دامەزراندین، ئەوژی ئارمانجاوانا سەرەکی تێکدانا ڤێ دەستکەفتێ و ئەزمۆنا مەیا باشورێ کوەردستانێ یە، بەلێ دیسان چ فەرە حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئیرۆ بۆ وان ئێزدیان بکەت کو رێ نەدەنە وان دوژمنان پیلانێن وان سەربگرن، ئەڤەژی یافەرە ژنێزیک ڤە ئاگا لبارودۆخێ وان هەبێ و خوە ستەکێن وان دهەمی بواران دە داگرن وچ بوشاتیێ بۆ دوژمنان نەهێلێن کو ئەو داگرن، ئەڤەژی دوارێ ئابۆری و رەوشەنبیری و سیاسی و کۆمەلایەتی دە دکارن سیستەمەکێ رێک و پێک وەکهەڤی دناف بەراهەمی ئۆلادە پەیداکەن و وەک برا پێکڤە بژین.

---

# تیرۆر هەڕەشەلە کوردستانی ئارام دەکات

نەوزاد حسێن



تیرۆر ئەو کردوەو ناشرین و قێزەونەیە کەلایەنێک دوور لەهەموو بەها ئەخلاقی مرۆڤایەتیەکان پێی هەلدەستێ، بۆ خۆسەپاندن و سەرکەوتن بەسەر لایەنێکی دیکەدا بێ هیچ گەرانەوەیەک بۆ لۆژیک ە دیالۆگ هانا بۆ کوشتن و وێرانکردن و سەرکوتکردن دەبات، ئەو کەسەی کە گەیشتۆتە ئاستی بریاردان و ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرستی دارنراوەو شۆراوەتەوە لەهەموو ئەو یاساو نەرێتانەی کە بروایان بەئازادی هۆش و بیر هەیە ئەوان تەنها بڕوایان بەدوو رێگای ناشەرعی و نارەوا هەیە بۆ گەیشتن. بەمەرامەکانیان ئەویش زەبروزەنگی راستەوخۆ و کاری خۆکوژی وەکو جەنگێکی ئاشکرا، یاخود بەکارهێنانی یاساکانی جەنگی دەرونی و شاراوە لەرێگای بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێ پروپاگەندەو ترساندنی خەڵک و هەرەشە کردن لەکەسایەتی و تاسکە رۆشنبیرەکانی کۆمەڵ بۆ رێگاگرتن لەهەموو کرانەوەو پێش کەوتنێکی عەقڵی، دواتر بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێ تێزو فتواو روونکردنەوەی بێ بنەماو نازانستی لەناو کۆمەڵگە.

ئەگەر وورد بوونەوەیەک لەو کارە تیرۆرستی و ئاژاوە گێرییانە بکرێت کە لەو وڵاتە عەرەبی و رۆژهەڵاتییەکانا بەگشتی لەهەندێ وڵاتانی رۆژئاوا بەتایبەتی ئەنجام دەدرێن، دەر دەکەوێت کەهەموو ئەو کردەوانە بەستراون بەکۆمەڵێ گروپی سیاسی توندرەوەوە کەسەرجەم بەرنامەو کارەکانی خخۆیان پەیوەست کردووە بە پاشینەیەکی پیرۆزەوە تائیرادەی مل ملانێ کەی پێ بدەن. وە بەمافێکی رەوای خۆیانی دەزانن کە هەر رێگایەک بگرنە بەر بۆ ئەو مەبەستە. دوای گەشەکردنی مل ملانێی نێوان ئەمریکاو گەلانی رۆژهەڵات، بەتایبەتیش گەشەکردنی مل ملانێی نێوان ئیسلام و بیری ئەو جیهانە نوێیەی کە ئەمریکاو ماسۆنیەتی جیهانی بەرنامەیان بۆ دارشتووە بەناوی سیستەمی نوێی جیهان و دواتریش پرۆژەی رۆژهەڵاتی گەورە، نیگەرانی و دڵە ڕاوکەیەکی زۆر لەناو گەلانی ئیسلامدا بڵاوبووە وە بۆ بەرپەرچ دانەوی ئەو هەڵکشانە رۆژئاواییە گروپ و رێکخراوی ئیسلامی سیاسی زۆر دروست بوون لەژێر رێنمایی و چاودێری (اخوان مسلمین) هەتا کار گەیشتە ئەنجام دانی چالاکی جۆراوجۆر دواتر وەرگرتنی دەسەڵاتی حکوم لەئەفغانستان . دوای تەقینەوەکانی ١١ی (سێپتەمبەر)یش ئیتر بواری شاردنەوەی ئەو مل ملانێیانە نەماو ئەمریکا جارێکی دیکەو بەشێوازێکی تر چووە ناو مل ملانێ کەوەو ئەمیش بێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی مرۆڤایەتی کەوتە وێزەی گەلانی رۆژهەڵات بەتایبەتیش ئەفغانستان و عێراق، بەناوی چەسپاندنی دیموکراسی دروستکردنی بەهەشتی سەر زەمینی ئەو هوڵاتانەی کرد بەگۆمی خوێن. ئێستا عێراق بووە بە گۆرەپانێکی لەبارو گونجاو بۆ ساغ کردنەوەی ئەو مل ملانێ و ناکۆکیانەی کە لەسەر بەرژەوەندییە جیاوازەکان لەنێوان گروپە ئیسلامی و مەزهەبی و ئەتنیکییەکان لەلایەک و ئەمریکا لەلایەکی دیکەوە دروست بوون، ناکۆکییەکە ئەوەندە نارەواو نامرۆڤانەیە گەیشتۆتە ئاستێک کەدەوڵەت و حزب و لایەن و دارایی گەورە لەپشتی تیرۆرەوە رای‌ووەستن و بەتازەترین تەکنۆلۆژیاو لۆجستی سەردەم تیرۆرستان تەیارە ئامادەبکەن و رۆژانە هەزاران هاوڵاتی بخەنە مەترسییەوە یان راستیش بکوژرێن و بریندار بکرێن، بۆیە ئێستا دیاریکردنی تیرۆرستان زۆر ئاسان نییە چوونکە ئەوانە بەزۆر شێوەو بەچەند رێگاو شێوازێک دێنە ناو گۆرەپانەکەوە، ئێستا لەدنیادا تیرۆرست هەیە کە تاک و گروپی تیرۆرستی ناوخۆو ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دروست دەکاو دەینێرێتە ناو یارییەکەوە. هەرێمی کوردستانیش کە تائێستا لەچاو بەشەکانی دیکەی عێراق ژیانێکی ئاسوودە ترو ئاسایشتری تیابووە، وە ببوە ناوچەیەکی تارادەیەک ئارامله وڵاتەکە، ئەویش ناو بەناو پەیشکی ئەو شەپۆلە توندوتیژیانەی بەرکەوتووە بەڵام هێشتا باشتر بووە لەشوێنو شارەکانی دیکەی عێراق. هەڵبژاردنی سەربەخۆ لەکوردستان و دروستکردنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێم و گەشەکردنی پەیوەندییە دەرەکی و ئیقلیمییەکان تارادەیەک و نزیک بوونەوەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان لەیەکترو یەکگرتنی هەردوو ئیدارەی هەرێم و دروستبوونی چەندەها لیژنەو گروپ و ئەنجومەن بۆ پاڵپشتی کردنی لیژنەی باڵای جێبەجێ کردنی بریاری(١٤٠)و دروست بوونی جۆرێک لەپەیوەندی دیبلۆماتی و سەربازی لەنێوان ئەمریکاو کورد، هەموو ئەوانە پێکەوە لەگەڵ داخی دڵی شۆڤێنییە عەرەبەکانی ناوخخۆو دەرەوە یەکیان گرتووە چاویان بەرایی نادات کە چاو هەڵبێنن بەو رەوشەی کە لەکوردستاندا هەیە بۆیە هەمیشە لە وەزەندان بۆ گیانی کورد. ئەوەش نەبێ ئەم ژیانەی کە لەکوردستاندا هەیە لەئاستی داخوازییەکانی جەماوەر دابێ یان حکومەت رۆڵی خەڵکی سڤیل وو جەماوەری کوردستان لەبەر چاوبێت، بەپێچەوانەوە حکومەتی هەرێم و بەرپرسەکانی زۆر کەمتەرخەم و بێ منەت بوونە بەرامبەر بەجەماوەر، ئەوەش کەدەکرێ لەئەنجامی خەم خۆری و دڵسۆزی خەڵکەوە بووە بۆ خۆیان و نیشتمانەکەیان نەک بۆ دەسەڵاتێکی نێ بەرنامەی گەندەڵ و مشەخۆر. چونکە خەڵکی سڤیل وو رۆشنبیر دەزانن تیرۆرستان ئامانجیان ئەوەیە کە بیری سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی تیرۆربکەن و ژێرخان و ئابووری وڵات تێک دەن هەموو وەبەر هێنان و پێسکەوتنێک راگرن لەبەرئەوە ئەو خەڵکە بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ هاوکاری حکومەت بکات بەڵام دەبێ حکومەتیش بەمانای حکومەت بێ و بێ جیاوازی لەنێوان ئەم و ئەودا خزمەتی گەلەکەی بکات، نەک یەکێک لەبرساندا سکی ژان بکات و یەکێکیش لەزۆر خۆریدا.